ڕووداو
ئەدەب و کولتوور

# نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد
# سێ کتێب بۆ کوردی وەردەگێڕێت




■ ئا: ئەدەب و کولتوور

د.نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، نووسەر و وەرگێڕی کورد، سێ کتێبی لە زمانی عەرەبییەوە بۆ کوردی وەرگێڕاوە و بڕیارە بەم نزیکانە چاپ و بڵاوبکرێنەوە. کتێبەکان بەناوی (بیرەوەرییەکانی هاشم ساڵح)، (کەسایەتیی تاکی عێراقی) کە لە دەزگای ڕۆشنبیریی جەمال عیرفان چاپ دەبن و کتێبی (دادگاییکردنی ئەدەب) لە غەزەلنووس بڵاودەکرێتەوە.

د.نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، بە پاشکۆی (ئەدەب و کولتووری ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "وەرگێڕانی بەرهەمەکانی عەلی وەردی بۆ خوێنەری کورد زۆر پێویستە، یەکەمیان لەبەرئەوەی ئەو کەسایەتییەکی گرنگە لە بواری ڕۆشنبیریدا، دووەمیان وەردی لە پێشەنگەکانی بواری سۆشیال مێژووە لە وڵاتەکەی و سێیەم و گرنگترینیان ئەوەیە کە شیکردنەوە بۆ کۆمەڵگەی عێراقی دەکات، لەو کۆمەڵگەیە کە کوردیشی تێدا بووە، هەرچەند ئەو وای بینیوە کە دەبێت کۆمەڵناسی کورد توێژینەوە لەبارەی کۆمەڵگەی کوردی بکەن.

کتێبی (کەسایەتیی تاکی عێراقی) لە نووسینی عەلی وەردی پێشتر لەلایەن وەرگێڕێکی دیکە کراوەتە کوردی، ئەمەش دەبێتە دووەم وەرگێڕان بۆ ئەو کتێبە. (بیرەوەرییەکانی هاشم ساڵح) کتێبێکی دیکەیە کە ئەو وەرگێڕە کوردە بۆ زمانی کوردی وەرگێڕاوە و لە 135 لاپەڕە پێکهاتووە، تێیدا باس لە بەشێکی ژیانی ئەو بیرمەندە سوورییە دەکات.

ئەسوەد لەبارەی ئەو کتێبەوە دەڵێت، هاشم ساڵح هیچ کتێبێکی لەبارەی ژیانی و بەرهەمەکانییەوە نەنووسیوە، بەڵام لە پێشەکی کتێبی (عەرەب و گرکانە کەلەپوورییەکان) یاخود (العرب والبراکین التراپیە) لە 50 لاپەڕەدا باسی ژیانی خۆی کردووە.

بەشێک لە وەرگێڕەکان خۆیان بۆ وەرگێڕانی بەرهەمی یەک نووسەر و بیرمەند تەرخان دەکەن و بەرهەمەکانیان وەردەگێڕن. د.نەوزاد ئەحمەد لەوبارەیەوە دەڵێت، گرنگە وەرگێڕ شارەزایی لەبارەی نووسین و نووسەری ئەو بەرهەمانە هەبێت کە بۆ زمانێکی دیکە وەریاندەگێڕێت و دەبێت بەرهەمەکانی خوێندبێتەوە بۆ ئەوەی بتوانێت بە باشی نووسینەکانی وەربگێڕێ.

(دادگاییکردنی ئەدەب) کتێبێکی دیکەیە کە لە 174 لاپەڕەدا بە چاپ گەیێندراوە. ئەم کتێبە باس لە دادگاییکردنی چەند ئەدیب و نووسەرێک دەکات لەسەر بەرهەمەکانیان.

# ئەڤین شکاکی لە سێیەمین فێستیڤاڵی میزۆپۆتامیا شیعر دەخوێنێتەوە




■ ئا: ئەدەب و کولتوور

ئەڤین شکاکی، خانمە نووسەر و شاعیری ڕۆژئاوای کوردستان، وەک تاکە شاعیری کورد لە فێستیڤاڵی ڕۆشنبیریی میزۆپۆتامیا بانگهێشت کرا و لە فێستیڤاڵەکەدا بە جلی کوردییەوە شیعری بە زمانی کوردی و عەرەبی خوێندەوە.


شکاکی لەوبارەوە بە پاشکۆی (ئەدەب و کولتووری ڕووداو)ی ڕاگەیاند، لە ڕۆژانی 13 و 14ی ئەم مانگە سێیەمین خولی فێستیڤاڵی ڕۆشنبیریی میزۆپۆتامیا لە شاری لاهای لە هۆڵەندە بەڕێوەچوو کە چالاکیی ئەدەبی، ڕۆشنبیری و هونەری لەخۆگرتبوو".

گوتیشی، لە نووسەرەکاندا، تاکە نووسەری کوردە کە بانگهێشتکراوە بۆ بەشداریکردن لە فێستیڤاڵەکە و خوێندنەوەی شیعر و لە دووەم ڕۆژی فێستیڤاڵەکەدا شیعری بە زمانی کوردی و عەرەبی بۆ ئامادەبووان خوێندەوە.

فێستیڤاڵەکە ساڵانە لەلایەن ژمارەیەک ڕۆشنبیری عێراقی و سووری و کوردەوە ڕێکدەخرێت و لە هۆڵەندا پشتیوانی دارایی دەکرێت.

ئەڤین شکاکی، لەدایکبووی دێرکی ڕۆژئاوای کوردستانە و ئێستا لە بەلجیکا دەژی، لە نەوەتەکانەوە بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی دەنووسێت و زیاتر وەک شاعیرێک ناسراوە، وەک چالاکوانێکی مافی ژنانیش کاردەکات. لە خولی ئەمساڵی فێستیڤاڵەکەدا ژمارەیەک نووسەر و هونەرمەند و کەسایەتی ڕۆشنبیری، لە مەغریب، سووریا، عێراق، فەلەستین، لوبنان، میسر، تونس، سویسرا، ئیسپانیا، هۆڵەندا و چەند وڵاتێکی دیکەوە بەشدار بوون.

# (ڕێگا بەرەو مهاباد)ی عیماد کووسا بە عەرەبی بڵاوکرایەوە




■ ئا: بەسام مستەفا

عیماد کووسا، ڕۆماننووسی کوردی خەڵکی عەفرینی ڕۆژئاوای کوردستان، نوێترین ڕۆمانی خۆی چاپ و بڵاوکردەوە.

ڕۆمانە نوێیەکەی عیماد کووسا بەناوی (ڕێگا بەرەو مهاباد) یاخود (الطریق الی مهاباد)ە و بە زمانی عەرەبی نووووسراوە و لەلایەن چاپخانەی ئیتقان لە ئیستەنبوڵ چاپ و بڵاوکراوەتەوە.

عیماد کووسا لە ڕۆمانەکەیدا باس لە ئەزموونی دامەزراندنی کۆماری مهاباد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکات و تیشک دەخاتە سەر ئەو سەختی و ناخۆشیانەی لەو سەردەمەدا ڕووبەڕووی کورد بوونەتەوە.


کووسا هەوڵدەدات لەڕێگەی ئەو ڕۆمانەوە خوێنەری عەرەب بە کۆماری مهاباد ئاشنا بکات کە لە ساڵی 1946 دامەزرا و زانیاریی ورد لەبارەیەوە دەخاتەڕوو.

ئەو نووسەرە لەڕێی ڕووداوەکانی سەردەمی کۆماری مهابادەوە، دۆخی ئێستای کوردیش شرۆڤە دەکات.

جان دۆست، نووسەری ناسراوی کوردی ڕۆژئاوای کوردستان، لە ساڵی 2004دا ڕۆمانێکی بەناوی "مژاباد" بڵاوکردەوە، کە ئەویش تیشک دەخاتە سەر کۆماری مهاباد.

### چیرۆکە تەنزئامێزەکانی شوفێرێک لەگەڵ سەرنشینان

# جەلال قادر بەرهەمێکی تەنزئامێز بڵاودەکاتەوە




■ ئا: ئەدەب و کولتوور

"بەسەرهاتەکانی شوفێری تاکسی" نوێترین بەرهەمی ئەدەبیی جەلال قادر، چیرۆکنووس و ڕۆماننووسە و بەم نزیکانە بڵاودەکرێتەوە. ئەم بەرهەمە چەند تەنزە چیرۆکێک لەخۆدەگرێت.

جەلال قادر، بە پاشکۆی (ئەدەب و کولتووری ڕووداو)ی ڕاگەیاند، کتێبەکە تەنزەچیرۆکە و بەسەرهاتی شوفێرێک دەگێڕێتەوە لەگەڵ سەرنشینان و زۆربەی ڕووداوەکانی لەناو شاری کەرکووکە.

گوتیشی: "چیرۆکەکان ڕەخنەئامێزن لە بواری سیاسی و کۆمەڵایەتی و چەند تەنزێکی دڵداریشی تێدایە". بەشێکی دیکەی چیرۆکەکان لە شاری ئۆتاوا لە کەنەدا ڕوودەدەن، واتە بەشێک لە ژیان و گوزەرانی ئەم شارە پیشاندەدرێت بۆ ئەوەی خوێنەر زیاتر چێژ لە کتێبەکە ببینێ و لە پیشەی ژیانی شوفێری تاکسی دەرەوەی وڵات و ناوخۆی کوردستان و عێراق و ناوچەکە بەگشتی تێبگات".

ئەو دەڵێت زۆربەی ئەو نووسەرانەی کتێبی تاکسییان نووسیوەتەوە، خۆیان کردووە بە سەرنشین و لە دەمی شوفێرەکەوە حیکایەت دەگێڕنەوە، بەڵام ئەو بە پێچەوانەوە بووەتە شوفێر و ڕووداو و چیرۆکەکانی خەڵکی دەگێڕێتەوە و بە شێوەیەکی تەنزئامێز دەیخاتەڕوو.

کتێبەکە لەلایەن خانەی کولتوور چاپ و بڵاودەکرێتەوە و هاندانێکی نووسەرە بۆ ئەو خانەیە کە داهاتەکەی بۆ ئەو ئەوان بێت و لە چالاکییەکانیان بەردەوام بن.

جەلال قادر لەدایکبووی ساڵی 1964ی ڕەحیماوای کەرکووکە، لە سەرەتای نەوەتەکانەوە دەستی بە نووسین کردووە و یەکەم ڕۆمانی بەناوی (فەرهوود) لەسەر ئەرکی یەکێتیی نووسەرانی کەرکووک چاپکراوە. هەروەها نووسەری نۆڤلێتی (سەردەمی گەمزەکان)، کۆمەڵە چیرۆکی (جوانترین چیرۆک) و کۆمەڵە چیرۆکی (پشیلەکەی بریژێت)ە و نۆڤلێتێکیشی لەژێر چاپە بەناوی (کەژاڵ).

# دوامرۆڤ و سوبیەکتی پاڵەوان

بەکر عەلی



یەکێک لەو بابەتە هەرە گرنگانەی لەنێو فەرهەنگی ماسمیدیادا، بەتایبەتی ماسمیدیای کوردی، تووشی فەرامۆشکردنێکی کوشندە بووە، بریتییە لە قسەکردن و هێنانەبەرباسی مرۆڤی پاڵەوان لەناو دنیای ئەمڕۆماندا.

بۆیە پێموایە، قسەکردن لەسەر مۆدێرنەی کوردی بەبێ قسەکردن لەسەر شاردنەوە و نابووتکردنی پاڵەوان مەحاڵە هیچ تێگەیشتنێکمان بخاتە بەردەست. لێرەوە ئێمە با بپرسین: ئایا ئەم دەردەنیشانەیە لەکوێوە سەرچاوەی گرتووە. ئەی پیواربوونی ئەم تێمایە لەناو فەرهەنگی نوێی کوردیدا چ دەرئەنجامێکی مۆراڵی لێ دەبێتەوە، لەکاتێکدا لەڕێی فەرهەنگی بەرخۆری و مشەخۆرییەوە تادێت مرۆڤەکان زۆرتر و پیستر دەبنە مرۆڤی ئیگۆیست و نارسیست و خودویستی قێزەون، لەکاتیکدا تادێت کۆمەڵگەی کوردی پتر شیرازەی پێکەوەبوونەکەی بەرەو تێکچوون دەچێت و پتر لەبەریەک هەڵدەوەشێتەوە و ئەم لەبەریەکهەڵوەشانەوەیەشیان ناوناوە، کۆمەڵگەی فرەجەمسەری و تاکگەرایی. کەواتە بابزانین داخۆ مرۆڤی تاک لەو کۆنتێکستە فەرهەنگییە کوردییەدا تا چ قووڵاییەکی فەلسەفی و سۆسیۆلۆگی ڕۆشتووە و چ دوورابیەکی بوونگەرانەی بڕیوە. هەروەها با بزانین، ئایا دەکرێت بەو جۆرە مرۆڤە تاکخوازە بگوترێت پاڵەوان، تەنیا لەبەرئەوەی دەیەوێت ژیانی خۆی بژی بەرەنگاری هەموو ئاڵەنگارییە پسایکۆلۆگی و سۆسیۆلۆگییەکان بووەتەوە؟ یان پاڵەوان خودێکە پێشتر گوتارێک و زمانحاڵێکی هەبووە؟

لێرەوە دەمەوێت تیشکێک بخەمە سەر فیگۆری پاڵەوان وەکو سوبیەکتێک لەخۆیدا. واتە لەناو لەبەریەکهەڵوەشانەوەی کۆمەڵگەکەمان بۆ تاک و گروپ و دەستەی جیاجیا، دەپرسین ئایا ئەمانە هەڵگری چ خودگەراییەکی پاڵەوانخوازین؟

سەرەتا دەبێت بزانین کە خودی پاڵەوان بریتییە لەو کەسەی لەنێو هەلومەرجە بەرزونزمەکانی ژیاندا لەدایک دەبێت. واتە هەموو ئەو ڕووداو و تەنگانە و هەڵکشان و داکشان و هەڵنووتن و سەرکەوتنانەی لەکایەی ژیاندا دێنە پێش، بریتین لە ئەتمۆسفێر و لانکەی بنەڕەتییانەی لەدایکبوونی مرۆڤی پاڵەوان. هەلومەرجی ڕەق و توند، جیهانێکی بە زەبروزەنگ مرۆڤەکان دەهاڕن و جارێکی تر دەیانکەنەوە بە مرۆڤێکی تری پتەو. وەک سیزیف کە ژیانی بە خەباتکردن بۆ بەگژداچوونەوەی ڕەقێتی جیهان لەڕێی بردنەسەرەوەی بەردەکە بۆ سەر شاخەکە بردە سەر. فەرهاد لەعەشقە گەورەکەیدا بۆ شیرین دەستیکرد بە هەڵکۆڵینی بەردە ڕەقەکان، وەک ئاماژەیەک بۆ ئەوەی خۆشەویستی وەکو هەستێکی ڕەق وایە بەسەر ڕۆحمانەوە و دەبێتە مایەی خۆگۆڕینمان. ئەم ڕەقێتییەی جیهان وادەکات مرۆڤ وەڵامێکی تری پرسیاری درێژەدان بە ژیان بداتەوە، ئەویش ئەوەیە: بۆئەوەی لە جیهاندا بمێنیتەوە، دەبێت بەرگەی ڕەقێتیی جیهان بگریت. لێرەدا هەناسەیەکی ستۆیکیزم ئامادەیە، کە هانی مرۆڤ دەدات بۆ بەرگەگرتن و ئارامگرتن لەکاتی تەنگژەدا.

## بەشی هەرە گەورەی ئەدەبیاتی دوای ڕاپەڕینی ئێمە کار لەسەر ئەوە دەکەن ئەکتیڤیتێتی مرۆڤ پاسیڤتر بکەن

لەنێو هەموو داستانە مێژووییەکان و ئەدەبییەکاندا لە ئۆدیسەوە بیگرە تا دەگاتە ڕۆمانی سەردەمی نوێ، هەروەها لەنێوبەندی مێژوویدا هەر لە ئەلێکساندەری مەزنەوە تا دەگاتە سوپەرستارەکانی سینەما، دەبینین پاڵەوان بریتی بووە لەو کەسەی بەناو ئازار و ئاگردا تێدەپەڕێت و لەوسەرەوە وەکو کەسێکی نوێی پتەو، نەبەز، دلێر دێتە دەرەوە. پاڵەوان خودێکی خۆدروستکەرە.

مێژووی مرۆڤ بریتی بووە لە مێژووی ململانێکانی خۆدروستکردن. لەکوێش کۆسپ و تەگەرە هاتبێتە بەردەم مرۆڤ، لەوێدا بازی داوە بەسەریاندا. پاسکال دەیگوت: مرۆڤ بەردەوام خۆی بەسەر مرۆڤدا زاڵ دەکات.

ئێ خۆ ئەگەر دۆخی ئێستای کۆمەڵگەی کوردی وەک کوێرەوەرییەک، وەک جیهانێکی دارزاو، وەک دنیایەکی پڕ لە کێشە و گرفت و تەنگژە ببینین، کە لەمڕۆدا زۆربەی پەخشانە کوردییەکان، شیعر، ڕۆمان، لێکۆڵینەوەکان، تەنانەت کارە هونەرییەکانیش هەروەکو دنیایەکی پڕ لە کێشە و تەنگژە پێناسی دەکەن، دنیایەک کە نە هۆشیارییەکی دروستی مۆراڵی شک دەبات و نە ڕۆحێکی بەرپرسیارانە بەرانبەر بە جیهانیژیانی خۆی، ئەی کوانێ هێزەکانی تێپەڕاندنی واقیع، لەکوێن ئەو سوبیەکتانەی پرۆگرامی چاککردنی دەردەکانی جیهانیژیانی ئێمەیان پێیە؟

دیارە شکستی گوتاری ئۆپۆزسیۆنی سیاسی لە گۆڕینی سترەکتوری پێکهاتەی سیاسی ئێمەدا و زەلیلبوونی گوتاری ئەدەبی و فەلسەفیمان لەبەردەم پەروەردەکردنی سوبیەکتی پاڵەواندا، بۆ هەموومان بووەتە بەڵگەنەویست، لەبەرئەوە لێرەدا زۆر ڕەدووی ئەم دوو گوتارە ناکەوین.

لە هەرکوێیەک چاو دەگێڕیت، زۆرتر ئەو جۆرە تاکەکەسانە دەبینی کە بەپێی ستاندارد و پێوەری ماسمیدیا بەرهەم دەهێنرێن. بۆیە زۆرینەی

کۆمەڵگەی ئەمڕۆمان کرۆکێکی جەماوەری و میللییانەیان هەیە وەک لەوەی چیەتییەکی ئیندیڤیدوالیزمیان هەڵگرتبێت. تاک بوونەوەرێکە بەدەمامک وەک تاک دەردەکەوێت، بەڵام بە ڕوخساری حەقیقی خۆی بوونەوەرێکی جەماوەرییە.

دۆخی شێواو و پڕ لە ئاشووبی دنیای ئێمە کراوەتە بیانوویەک بۆ مرۆڤە کزەڵەکان کە بیر لە هیچ گۆڕانکارییەکی ئەو دۆخە نەکرێتەوە. لەڕووی سیاسییەوە، بەو واقیعە سیاسییە ڕازین، لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە، بەو کۆمەڵگا پڕ لە ئاشووبە ڕازین، لەڕووی تاکایەتییەوە، بەو تاکە کۆنزومگەر و ڕووکەشخواز و شکستخواردووە ڕازین. زەلیلکردنی هێزەکانی ژیان لێرەوە دەستپێدەکات کە خواستی گۆڕانکاری دادەمرکێنرێتەوە. هەڵبەت هەموو مێژووی گۆڕانکارییەکانی ناو مێژوو، لەوێوە دەستیپێکردووە کە مرۆڤ سەرەتا وەکو تاک خۆی بگۆڕێت و دواتر لەوێوە جیهان دەگۆڕێت. مرۆڤ بوونەوەرێکە بەخۆدەستکاریکردن دەتوانێت دەستکاریی جیهان بکات. چیرۆکی هەموو پێغەمبەرەکان و جاویدەکان و وەرزشوانەکان و ئامۆژگاریکاران و داناکان و زاناکانیش ئەوەمان بۆ دەسەلمێنن کە هەموو هەولێکی گۆڕینی دونیا بەناو خودگۆڕیندا تێدەپەڕێت. وەک سلۆتەردایک لەجێیەکدا دەڵێت: هەموو مرۆڤێک میتامۆرفۆزەیەکە. هەموو ئەو شۆڕش و ڕاپەڕین

## که واقیع گەندەڵ دەبێت، مرۆڤی پاڵەوان ئەوەیە واقیعییانە نەژی، بەڵکو دژەواقیعییانە بژی

و ڕیفۆرم و هەڵگەڕانەوانەی لە مێژوودا ڕوویانداوە، بریتی بوون لە هەوڵی چاکترکردنی بارودۆخی ژیانی مرۆیی. ئەم ڕووداوانە مرۆڤی پاڵەوان دێننە ئاراوە. چونکە لەهەر شوێنکاتێکدا فشار لەسەر مرۆڤ زیاد بکات، ئەوسا بەرەنگاربوونەوەی مرۆڤیش زیاد دەکات. لە هەر شوێنکاتێکیشدا مرۆڤەکان زەلیلانە دەربکەون، ئەوسا مرۆڤی نەبەرد، مرۆڤی پاڵەوان سەرهەڵدەدات. هوێلدەرلین

## لە دنیای ئێمەدا تا دێت، مرۆڤی بەرخۆر و مشەخۆر و زەلیل و کزەڵ و بەدبین و شکستخۆر پەروەردە دەکرێت

دەیگوت: لەکوێ مەترسی هەبێت، لەوێ ڕزگارکەر سەرهەڵدەدات. چونکە مرۆڤ بوونەوەرێک نییە لەناو زەلکاوی تەنگژەکانی خۆیدا خۆی بگەوزێنێ، بەڵکو بوونەوەرێکە لە دەرەوەی زەلکاوەکەدا بوون و داهاتووی خۆی دەبینێتەوە. من تەواو ناکۆکم لەگەڵ ئەو بیرۆکەیەدا کە شەکسپیر دەیگوت: ئەو کوێرەوەرییەی هەمانە، باشترە تێیدا بژین وەک لەوەی بەرەو نادیار هەڵبێین. چونکە هەڵهاتن بەرەو"گۆڕان" یەکێکە لەو تەکنیکە نهێنیدارانەی کە زیندوومانەوەی مرۆڤ مسۆگەر دەکات. بۆیە مرۆڤی زەلیل بریتییە لەو دەمامکەی کە لەژێرەوەیدا پاڵەوانە شکستخواردووەکان خۆیان پەنهان کردووە. لە تەماشاکردنێکی پانۆرامایی مرۆڤەکانی دنیای ئێمەدا، کە دەبینین زۆرینەیان لەبری ڕەخنەی عەقلانی و لەبری ژیربێژیی هەڵسەنگاندن جنێوفرۆشی و جوێندان بە سەرلەبەری ئەو واقیعەی تێیدا دەژین بریتییە لە گوتاری تاقانەیان، ئەمە دیارترین نیشانەی نهیلیزمبوونی فەرهەنگەکەمانە. کاتێکیش کە کۆمەڵگا دەبێتە کارخانەی بەرهەمهێنانی زۆرخۆری و مشەخۆری و بەرخۆری و، کولتووری بەفیرۆدانی وزەکانی ژیان زاڵ دەبێت بەسەر ستراتیژی پاراستنی ژیان، مرۆڤی تاک لەبری ئەوەی وەرزشی خۆتۆکمەکردن و مەشقی خۆگۆڕین بکات لەپێناوی چاکترکردنی دنیاکەی، کەچی زۆر فاشیزمانە دەکەوێتە تفکردن لە هەموو ڕوخسارەکانی و لەهەموو ئاوێنە و لە هەموو پەنجەرەکانی ڕوانین.

لەڕاستیدا کە واقیع گەندەڵ دەبێت، مرۆڤی پاڵەوان ئەوەیە واقیعییانە نەژی، بەڵکو دژەواقیعییانە بژی. واتە بەپێی ستانداردی

بەهاکانی ئەو شوێنکاتە نەژی، بەڵکو پێچەوانەکەی وەرگرێت. پاڵەوان خودێکی ئەبستراکت و داماڵراو نییە لەو ژینگەیەی تێیدا دروست دەبێت، بەڵکو خودێکە ڕێک لە دۆزەخی واقیعەوە، لە ئازارە قووڵەکانییەوە، لە نائومێدییە بێزارکەرەکەیەوە، لە بێهیوابوونە کوشندەکەیەوە دروست دەبێت.

لێرەدا دەستەواژەیەکی سلۆتەردایک دەهێنمەوە کە لەم ڕووەوە دەڵێت: ژەهر پێویستی بە دژەژەهرە، هەروەکچۆن سیۆران بەبیرۆکەی خۆکوشتن، بەرگەی توندوتیژی ژیانی گرت و بەوەش درێژەی بەژیان دەدا.

لای ئێمە جۆرێک هۆشیاریی باو هەیە، بەئاشکرا لە هەموو سووچێکی ئەو هەرێمەدا، لە هەموو ڕەگەزەکاندا دەبینرێت کە زۆرینەی لاوان پێیانوایە، لەناو ـ کوردستاندا ـ بوون جۆرێکە لەبەسەربردنی ژیانێکی بەدفەڕ و بەربادانە کە هیچ ئاسۆیەکی گۆڕانکاری تێدا شک نابرێت. وەک ئەوەی بیانەوێت بە زمانێکی فەلسەفی بڵێن: لەناو جیهاندابوون لەوێ بریتییە لە سزایەکی ئۆنتۆلۆگی بۆ مانەوە لەناو زیندانی نیشتماندا. لێرەوە جۆرێک لە ڕەخنەی تیۆری سەبارەت بە واقیع دروست بووە کە هیچ ئەگەر و شیمانەیەک و ئاسۆیەک نابەخشێت بە مرۆڤ، بەڵکو ئیتر ئەو بەربادییەیان کردووەتە قەدەرێکی وجودی و سۆسیۆلۆگییانەی ئەو هەرێمە. دیارە ئەم تیۆرییە لەگەڵ تێزەکەی شەکسپیردا تەبا دێتەوە، بەوەی قبووڵی دۆخە کوێرەوەرەکە بکەین. هەڵبەتە بەشی هەرە گەورەی ئەدەبیاتی دوای ڕاپەڕینی ئێمە کار لەسەر ئەوە دەکەن ئەکتیڤیتێتی مرۆڤ پاسیڤتر بکەن، کار لەوەدا دەکەن لەناو ئەو ژەهرەدا، لەناو ئەو زەلکاوەدا مرۆڤ گینگڵ بدات و تۆوی هیچ دەرچە و هیچ ڕوانگەیەک و هیچ هیوایەک لە ڕۆحی ئەو هەرێمەدا ناچێنرێت. هەر ئەوەش وای کردووە میدیای جەماوەری پتر چاوبرێتە ئەو مرۆڤە میللییە بەربڵاوەی لەڕێی فەرهەنگێکی وەها دەردەدارەوە داغان بووە. هێندەی من ئاگاداری ئەدەبیاتی دنیا بم، تەنانەت بەوەشەوە کە پێیدەگوترێت ئەدەبی بێهوودەگەر، پرۆژەی دروستکردنی پاڵەوانەکانی بریتی بووە لەوەی درێژە بە ژیان بدەن. کەچی لە دنیای ئێمەدا تا دێت، مرۆڤی بەرخۆر و مشەخۆر و زەلیل و کزەڵ و بەدبین و شکستخۆر پەروەردە دەکرێت، شتێک کە ئەرکی دەسەڵات و ئەرکی گوتاری هیومانیزمی کوردییە کار بۆ پرۆگرامی پەروەردەکردنی مرۆڤ بکات و بەگژ ئەو جۆرە لە مرۆڤدا بچێتەوە کە نیتچە پێی دەگوت: دوا مرۆڤ.


دوامرۆڤ تەنیا لەنێو کۆنتێکستێکی ئەوروپی و مەسیحی و خۆرئاواییدا نابینرێت، بەڵکو ئەمڕۆ بووەتە مۆدێلێکی نموونەیی لەناو کۆمەڵگە بەربڵاوە مشەخۆرەکانی دنیا و تەواوی گرفتەکانی بوون و جیهان و ژینگە گرێدراوی ئەم پارادیگمایەن لە مرۆڤ، دوامرۆڤ.

شتێک کە بتوانێت بەگژ ئەم مۆدێلەدا بێتەوە، خودی ئەو مرۆڤەیە کە لەناو ئەو کایەیەدا دروست دەبێت، بەڵام بەپێچەوانەوە ڕەوت دەکات و تەماشای شوێنی دوورتر دەکات. لەبری گینگڵدان لە زەلکاوەکەدا، ڕۆحی پاڵەوانێتی لەخۆیدا ئەکتیڤ دەکاتەوە و بەجۆرێک لە جۆرەکان بۆئەوەی بەرەنگاری زۆرخۆری بێتەوە، وەک هونەرمەندە برسییەکەی کافکا، بەڕۆژوو دەبێت، بۆئەوەشی نەکەوێتە نێو باق وبریقی ماسمیدیاوە، وەکو فۆکۆ تەکنیکی خودپەرۆشی دادەهێنێ و بۆئەوەشی واقیع بگۆڕێت و ئاستی باو و ئاسۆییانە تێپەڕێنێت، وەک سلۆتەردایک هەڵکشانی ڤێرتیکاڵ ئەنجام دەدات، ئاوەها وەک نیتچە دەیگوت، نەکەن پاڵەوان لە ڕۆحتاندا بکوژن، چونکە ئەو ڕۆحیەتە تاکە بزوێنەری دەرچوونی مرۆڤە لە مۆدێلی دوامرۆڤ.

# ئاریۆن و دۆلفینەکان

## گێڕانەوەی فەلسەفی لە ئوستوورەکانی یۆنانی کەونارا

میشێل پیکماڵ
وەرگێڕانی لە فارسییەوە: کیشوەر پیرۆتی



ئاریۆن ژەنیارێک بوو کە لە هونەری ژەنینی چەنگدا پلەی مامۆستایەتیی تێپەڕاندبوو. هێندە بەناوبانگ بوو کە لە سیسیلەوە بۆ کێبڕکێی ژەنیاری بانگهێشت کرا و کێبڕکێکەی بردەوە و بە دیارییەکی زۆرەوە لە سیسیل گەڕایەوە.

دیارییەکانی ئاریۆن ئەوەندە گرانبایی بوون، فەرماندەی ئەو کەشتییەی وەتەماح خست کە بەرەو کۆرنێت دەچوو.

فەرماندەکە پێیگوت: "تۆ نابێ زیندوو بی."

ئاریۆن پرسیی: "مەگەر من چیم کردووە؟"

ـ "کارێکی خراپت نەکردووە، تۆ سامانداری و ئێمەش پێویستمان بەو سامانەی تۆ هەیە."

ئاریۆن داوای لێکرد لە کۆڵی بێتەوە و بەڵێنی پێ دا ئەگەر بگەنەوە کۆرنێت هەرچی زێڕی هەیەتی بیدا بەو. بەڵام فەرماندەکە گوێی بە قسەی ئەو نەدا.

ئاریۆن ڕووی لە ئاسمان کرد و گازی کردە ئاپۆلۆی پارێزەری ژەنیارەکان. ئاپۆلۆ ئیلهامی پێ دا کە داوا لە فەرماندەی کەشتییەکە بکات، ئیزنی بدات لە پێشەوەی کەشتییەکە ڕابوەستێ و بۆ دوایین جار چەنگەکەی خۆی بژەنێت. فەرماندەی کەشتییەکە قبووڵی کرد.

ئاریۆن جلوبەرگە ڕەسمییەکەی خۆی لەبەر کرد کە تایبەت بوو بە جەژن و میوانی و وێڕای ژەنینی چەنگەکەی، دەستی کرد بە گۆرانیگوتن، دەنگی هێندە خۆش و سەرنجڕاکێش بوو، پۆلێک دۆلفین لە دەوری کۆبوونەوە.

ئەوکات هەروەک ئەوەی ئاپۆلۆ پێیگوتبوو، ئاریۆن کە گۆرانییەکەی تەواو بوو، خۆی فڕێدایە ناو دەریاکەوە. کەشتییەکەش درێژەی بە ڕێگاکەی خۆی دا.

دۆلفینەکان لە ئاریۆن کۆبوونەوە و یەکیان ئاریۆنی کردە کۆڵی خۆی و وەکو فیشەک بەرەو کۆرنێت ڕۆیشت و چەند ڕۆژێک بەر لە گەیشتنی کەشتییەکە، گەیشتە بەندەری کۆرنێت.

کاتێک فەرماندەی کەشتییەکە لە کۆرنێت لەنگەری خست، پێریاندر، فەرمانڕەوای کۆرنێت، سۆراخی ئاریۆنی لێ پرسی.

فەرماندەی کەشتییەکە گوتی، ئاریۆن لە سیسیل ماوەتەوە. بەڵام کە بردیانە لای ئاریۆن، ناچار بوو ددانی بە تاوانەکەی خۆیدا نا. لەبەر ئەوەی پێریاندر فەرمانڕەوایەکی ڕژد بوو، دەمودەست فەرماندەکەی بە سزای خۆی گەیاند.

### شرۆڤەی فەلسەفی

لەم ئوستوورەیەشدا وەکو زۆربەی ئوستوورەکانی دیکە، ئەفسانە لەگەڵ ڕاستییەکی مێژوویی تێکەڵ بووە. ئاریۆن بەڕاستی لە سەدەی هەشتەمی پێش زایینیدا هەبووە. تەنانەت دەزانین کە ئەو، داهێنەری شیعرێکی لیریک بووە کە ناوەڕۆکەکەی پەسن و پێداهەڵدان بووە و، ئەوەی کە باس دەکەن دۆلفینەکان گوێیان لە مۆسیقاکەی بووە و ناسیویانەتەوە، بۆ پسپۆڕانی بوونەوەرزانی و ئەو کەسانەی سەروکاریان لەگەڵ بوونەوەرەکان هەیە دیاردەیەکی ئاشنایە. بێجگە لەوەش، لەبارەی دەریای مەدیتەرانەوە گەلێک جار دەنگۆی ئەوە هەبووە کە دۆلفینەکان جارجار ڕاوچی و کەسانی ماسیگریان ڕزگار کردووە و هێناویاننەتەوە بۆ کەناری دەریا.

یادگەی گشتیی خەڵک بە یارمەتیی ئەو جۆرە بەڵگانەی باسکران، ئەم ئوستوورە سەرنجڕاکێش و بەشکۆیانەیان ئافراندووە. وێنەی ئاریۆن کە بە یارمەتیی دۆلفینەکان بەسەر شەپۆلی دەریاوەیە، لەسەر کاشییەکانی یۆنان و ڕۆم نەخشێنراوە.


ئەم ئوستوورەیە لە سەردەمی کەونارا پێشوازییەکی زۆری لێ کرابوو. بەڵام ئێستاش ئەوەتا فیلمی "شینی بێبڕانەوە"، کە بەرهەمێکی هاوچەرخە و کاری دەرهێنەری فەرەنسایی، "ژان ژاک ئانۆ"یە، دڵخۆشی و هەژانی خستووەتە نێو خەڵکەوە.



# بەربەستەکانی بەردەم بیری ڕەخنەیی

## گوتاری ئەدەبی بەنموونە

عادل قادری



یەکێک لە کێشە جەوهەرییەکانی ڕەخنەی ئەدەبیی ئێمە، ئەوەیە کە لە هەمبەر دەقە لاوازەکان بێدەنگ دەبێت و دەقە ناوادارەکان (ئەگەرچی گەورە و سەرکەوتووش نەبن) دەخاتە چەقی باس و شرۆڤەی خۆیەوە. کاتێک دەڵێم "باس و شرۆڤە" مەبەستم ئەوەیە کە چەندین چەمک و دەستەواژە لە هەناوی دەق دەردێنن و بە گۆشەنیگایەکی فەلسەفیی گشتییەوە هەڵیدەپێکن، یان بە پێچەوانەوە چەندین چەمکی فیکری و فەلسەفی (کۆمەڵناسانە، دەروونناسانە، دەروونشیکارانە، جێندەری، سیاسی و کولتووری) زەق دەکەنەوە و دەیدوورن بە باڵای دەقی کورتەباڵادا و لە ئەنجامیشدا ستایش و چەپڵەلێدان دوا وێستگە و ئەنجامگیرییەتی. ئەمە دۆخێکی دروست کردووە کە ئێستا ژمارەی نووسەرانمان لە خوێنەرانمان زیاتر بێت. کاریگەریی دەزگای چاپ و نەشرەکانمان لە ڕێکخراوە هزری و کولتوورییەکانمان زیاتر بێت و ڕادەی قسەی بێ سەروبەر و بڕیاری پێشوەختە و ڕەها لە ئەڵقە ڕەخنەییەکان و چالاکیی ڕێکخراوە پرسیارسازەکان زۆر زۆرتر بێت. کاتێک دەڵێم نووسەرانمان لە خوێنەرانمان زیاترە، زۆرتر ئاماژەدان بەو وەهمێکە کە لە پانتای کولتووری هەژار و دەستکورتی ئێمەدا ئاوساوە، زیاتر ئەنگوستدانانە لەسەر دیاردەیەکی درۆزنانە و قەڵب کە بەهۆی تاکرەهەندی یان جووترەهەندی (دوالیزم) گەشە و نەشەی جەمسەرەکانی کۆمەڵگا، "وەهم" وەها زەق دەبێتەوە و کولتوور بەو واتا گشتییەکەی دەکات بە ڕووبەری تەراتێن و شەپۆلسواریی خۆی. جەمسەرێکی گرینگی ناو ئەم هاوکێشەیە بەردەنگان. بەردەنگان بەشێکی زۆری ئەم قەیرانە دەخەملێنن، ئەوان هەزاران هەزار کەسن لە یەک ئاستدا و بە لێشاویش دەق دەخوێننەوە و تێناپەڕێنن و بۆ یەک مەبەستیش دەیخوێننەوە! حەسانەوە و حەوانەوە! بە زمانی میتافیزیک بڵێین گەیشتن بە کەناری ئارامی و هێوری لە ڕێگەی کەشف و پێرەوکردنی حەقیقەتێکی وەهمییەوە! ئەمە لە کاتێکدایە هەم دەقێکی ئەدەبی و هەم ڕەخنەی ئەدەبی لێدانن لە دۆخ و فەزای باو، کوشتنی حەقیقەتی تاکرەهەند و ڕەهان و گێڕەرەوەی حەقیقەتە شیمانەیی و مومکینەکانن، دەق بەم واتایە شتێکی دژەباو دەگێڕێتەوە و "ڕەخنە"ش بە واقیعبینی و بوێری و مێژوومەندییەوە سەرکەوتوویی یان ژێرکەوتوویی ئەم جۆرە دەرکەوتن و گێڕانەوەیە هەڵدەسەنگێنێ. ئەو ڕوانگەیەی کە بەرگری لە شەپۆلی زەریای بەردەنگانی زۆر و زەبەندی زەرد و ئاپۆرەی مێگەلی دەکات، ڕەنگە بۆ ماوەیەکی کورت وەکوو تیشکی ڕەش یان قاوەیی! خاڵی گەردن و سەرلێوی ئەکتەر و سێلیبریتییەکان بدرەوشێتەوە، بەڵام هیچ ڕەسەنایەتییەک لەڕووی ناوەرۆک و فۆرم و هیچ تازەگەرییەک بەرهەم ناهێنێ، ئەم دەرکەوتانە لە "وەهم" و نووسین و بەردەنگ و بەگشتی لە پانتای کولتووردا بەر لەوەی واقیعێک بن لەناو مێژوو یان دەرکەوتەیەکی ڕەسەنی ناو زمان و ئەدەبی کۆمەڵگایەک، وەکوو ڕەنگ و برەندی سەردەمن، مۆرک و مۆدەی ناو بازاڕن.

### لێرەدا بازاڕ لە دوو چەمکدا زەق دەبێتەوە.

ئەلف: پارە واتە دەسەڵاتی دەرکەوتن و سەماکارانەبوون لەناو بازاڕدا.

ب: سیما و ڕواڵەت واتە خەرمانە و هەیمەنەی درۆزنانەی دەوری نووسەران و خاوەندارانی کولتووری.

با من پرسیارێک لە هەموومان بکەم: دەرکەوتن و بەرجەستەبوونی بەرهەمێک ئەنجامی چییە؟ واتە چی لە پشتەوەیە؟ ئایا بەرهەمێک دەتوانێت بە کەمترین ئاستی ڕەسەنایەتی و سەرکەوتوویی و تازەگەری و بەبێ لێدان لە دۆخی باو بێتە ناو جەماوەر و دەنگ داخات و ببێت بە لۆسە و پێوەر بۆ گۆڕانی بیرکردنەوە و زەوق و جوانیناسیی کۆمەڵگا؟ بەڵێ بێگومان دەتوانێت! ئێستە بای ئارەزوو بە ئاراستەی شەقام و پۆپۆلیزمدا هەڵدەکات و هەڵیکردووە و ئازادیی سەرەڕۆ و ڕەشۆداماڵراوی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و تەختەی شانۆ و ستەیجەکانی نواندن و نمایشکردنیش تەواو ئەم دۆخەی گەیاندووەتە تەشقی ملهوڕی و سینگدەرپەڕاندن و دەسەڵات و دیکتاتۆرییەتی خۆی. لە هەر کوێ ئاپۆرەیەک هەبوو، خەڵکێکی زۆریش لەوێن کە مەرج نییە دوو پرسیاری بنەمایی بگرنە دەق. لەناو ئەم دۆخەدا و لێرە چەند هۆکاری نارەسەن کە دەقێک دێننە سەرەوە و پێگەی درۆزنانەی دەدەنێ، دەژمێرم و پێناسەی دەکەم.

1-حیزب
2-خێڵ
3-ژنانەییبوون
4-میدیا

1- حیزب لە ڕێگەی پلان و پرۆژەیەکی زیرەکانەوە ئەکتە کولتووری و ڕۆشنبیرییەکان دێنێتە ناو ڕەوتی دابینکردنی زیاتری جەماوەر و کۆکردنەوەی دەنگ بۆ خۆی، حیزب وەکوو ڕۆحی سرووشتیی خۆی مامەڵە لەگەڵ ئەدەب و ڕۆشنبیری دەکات و ئەوە ئەرکی ئەدەب و ڕۆشنبیر و ڕۆشنبیرییە ئەکتی بەرگری و ڕەخنەکردن بنوێنێ. بەڵام ئەم حاڵەتە بە هۆی ئەم هاوکێشەیەی سەرەوە کە باسمکرد تاکوو ئێستە بە زیانی نووسین و لە قازانجی ململانێی سیاسی تەواو بووە. کاریگەریی حیزب وەکوو جومگەی سەرەکیی دەسەڵات و خاوەن میدیا و ڕۆژنامە بەسەر هۆکارەکانی دیکەشەوە دیارە و دەکرێت بڵێین حیزب یەکێک لە جەمسەرە هەرە کاریگەر و کەڵەگاکانە لەناو هاوکێشەکەدا. حیزب باوکە!

2- خێڵ، لە وڵاتی ئێمەدا خێڵ نەک هەر بەشێک لە کرۆک و کایەی حیزبی و گرووپی پێکدێنێ، بەڵکوو لە ڕووبەری کۆمەڵایەتی و بازاڕیشدا دەسەڵاتدار و ملهوڕە، چەندین سەرۆک خێڵمان هەبووە و هەیە کە هەڕەشەیان لە نووسەر و ڕۆژنامەنووسان کردووە و تا ئاستی ڕێگری و کوشتن و تۆقاندنیش هەنگاویان هەڵگرتووە و هیچ سڵێکیشیان لە میدیاییبوونەوەی ڕوخسارە ناوخەت و دواکەوتووەکەیان نەکردووە. ئەمە لایەنێکە بە قازانجی ئەو نووسەرانە دێتەوە کە ڕواڵەتیان بە مۆدێرنیتە مەکیاج کراوە، بەڵام لە دەرگای پشتەوەی خێڵەوە دێنە ژوورەوە و دەبن بە نووسەری دیار و ناودار. خێڵ، ڕۆحانەتی مەکیاجکراو و سافولووسکراوی حیزبە و دیارترین ڕوخساری مۆدێرنیتەی خواروخێچی کۆمەڵگای ئێمەیە. ئەگەر حیزب باوک بێت، ئەوا خێڵ باپیر و ڕۆح و بتی ئەو باوکەیە!

3- لەم مۆدێرنیتە دەڵەمە و دەستکرد و ئامێرییەدا شانۆیەکی ڕەنگین و ورووژێنەر بۆ دەرکەوتنی ڕەگەزی مێ ڕێکخراوە، شانۆیەک کە ژن نەک وەکوو سووژە، بەڵکوو وەکوو ئامراز و ئامێر لە کۆمەڵگایەکدا کە سەرەڕای پیاوسالارانەبوون، بەڵکوو نەریتپەرستیش پێناسە دەکات و ڕۆڵی بۆ دیاری دەکات. لەم شانۆیەدا ژنان و کچانی ئەکتەر، گۆرانیبێژ، نووسەر، شاعیر و نیگارکێش و... دەردەکەون و خۆ دەنوێنن و بە خێرایی دێنە سەرەوە بەبێ ئەوەی ئایدیا یان گۆشەنیگا یان چەمکێک یان دڵەڕاوکێیەک بخەنە ناو کۆمەڵگایەکی سڕ و خەوتووەوە. ژنان لێرەدا دەبن بە کاڵایەک بۆ سڕکردن و لەباربردنی خەونە گەورەکانی مرۆڤی ئێمە بە گشتی و ژنان خۆیان بەتایبەتی و ئەو ڕۆڵە ڕاستەقینە شارستانیسازەیان لە وەها پێکهاتێکدا لێ دەسێنرێتەوە و دەبن بە ماتۆڕ و مەکینەی سامناک و کوشندەی لەباربردن و خەساندن و دوورکەوتنەوە لە ڕەسەنایەتی لە لایەن سیستەمی پیاوسالار و نەریتپەرست و ڕۆحی کاڵاخواز و چێژپەرست و مەسرەفگەراوە. ئەم حاڵەتە بە پلەی یەکەم زیاتر ژن قوربانی دەکات و سەپاندنی هەمان ڕۆحی "بان و خوار" و چەسپاندنی فۆرمێک لە دیسپۆتیزم و ئاغا و کۆیلەییە لە ژینگەیەکی خێزانی و کۆمەڵایەتی و جێندەریدا. ئەم حاڵەتە لەگەڵ دۆخی نەکراوەیی و نەریتگەرێتی و ئایینیبوونی کۆمەڵگا و دۆخی تێپەڕ و هەڵپەسێردراوی کۆمەڵگا یەکانگیر دەبێت و ئەکتە نارەسەنەکانی ژن زیاتر زەق دەکاتەوە. کۆمەڵگایەکی هەڵپەسێردراو و تێپەڕ: ئایینی و مۆراڵێکی ڕادیکاڵیی ئاسمانی هەیە و بناژۆخوازە، بەڵام ئارەزووە جەستەییەکانی بۆ ڕاناگیرێت، درۆ دەکات کە باوەڕی بە مافی ژن و یەکسانی هەیە، تەنها لە دەرگای جەستەوە دێتە ژوورەوە و فۆرمی "سەر و ژێر" بە هاوتای هاوسانی دەزانێت، کۆمەڵگایەک کە: باوەڕی بە ڕۆح و غەیبانییەت هەیە، کەچی تا سەر ئێسقان مادیخواز و جەستەپەرست و مەسرەفگەرایە. ئەم دۆخە گشتییە وادەکات کۆمەڵگا چاوی سێهەمی نەبێت و تەنها بە دوو چاو، چاو لە شاشە و شانۆ و واقیع و جیهان و شوێنە تەرچک و توردەکانی جەستە بکات و تەنها ڕووکار و توێژاڵی سەرەوەی ببینێت. ئەم حاڵەتەی سێهەم کە هاوکات بووە لەگەڵ بزاڤێکی فیمینیستیی ناتەواو و دەستەبەربوونی هەندێ ئازادیی بچووک بۆ ژنان و دانانیان بە هێزیان وەکوو قەوارەیەکی کۆمەڵگا، زیاتر مەجالی دەرکەوتنی بۆ ڕەخساوە و ڕوخسار و سیما دیارەکانی ژنانی ناهەڵکەوتوو و بێ ئایدیا هەر دەم لە ژێر سێبەری ئەم لێشاوانەدا دەرکەوتوون و بە هەڵکەوتوو و ئایدیابەخش مانیفێست کراون، ئەمە گشتییەتی جیهان و ژینگەی سەربەخۆ و جیاوازی ژن دادەبەزێنێتە سەر ئاستی هەندێ وێنە و نیگار لە جەستە و لێو و قسەی عاتیفی و لەنجەولار و بەگشتی دەیانخاتە پرۆسەی بە ئامرازبوونێک کە سیستەمێک لەناو بازاڕ بەڕێوەی دەبات، نەک هێزێک لە عەقڵی خەمخۆری ژیان و چاکسازی کۆمەڵگا و بەم شێوەیە سایکۆلۆژی و جیهانبینی و ئارەزووەکانی ئێمە لە ڕێگەی بازاڕەوە دەستکاری دەکرێت. جیا لەمەش نەریتێکی مردوو و کۆنە بەرهەم دەهێنێ: "بە لەنجە و لار هاتەوە یارم لە ڕێگەی کانی..." بەکاڵاکردن و بەکاڵابوونی ژن ئەو گورزە کوشندەیە لە دەق و کولتووری ئێمە دەدات کە سووژەی وەگێڕ و پرسیارسازی ژنمان لەناو ئەو هەموو مانکەن و پەیکەرە سێکسی و نازکەدا بۆ نادۆزرێتەوە و ڕۆحە ڕەسەنە دەگمەنەکان دەکات بە ژێر تۆز و گەردی دەرکەوتنی خۆیەوە. ئەگەر حیزب باوک و خێڵ باپیر بێت، ئەوا ژن بەم واتایە و لەناو ئەم هاوکێشەیەی بازاڕدا دەبێت بە باوەژن و دایکێکی زڕ کە نە گرێدراوەتی پێی گەورەمان دەکات و نە تێکەڵبوون لەگەڵی دەمانخاتە ناو هاوکێشەیەکی ئۆدیپووسی و فرۆیدیانە لە قەیرانی مانا و بوون بە نیسبەت دایک و ژنەوە!

4- لە دوای تێزی گوندی جیهانییەوە لەلایەن مارشال مەک لۆهان و دەربڕینی ڕستەی "میدیا پەیامە" تاکوو ئێستە ئێمە ئیدی لەگەڵ تێزێکدا ململانێی زەینی ناکەین، بەڵکوو ئێستا گوندی جیهانی واقیعێکی بەرهەست و بینراوە و زەقە و میدیاش ئەم جیهانەی زۆر بچووک و لە هەمان کاتدا ئاڵۆز کردووە. هەموو چوار حاڵەتەکەی پێش لە ڕێگەی میدیا و لەناو میدیا بەڕێەک دەکەون و ڕۆحی نارەسەن و پاوانخواز و بوتپەرست و کاڵامەند و چێژتەوەر و نەگۆڕخواز بەرهەم دێنن. میدیا وەکوو "جیهانی واقیعە!" بۆ ئەو هاوکێشەیەی کە چوار حاڵەتی پێشووم تێدا باسکرد، لێرەدا ئێمە جیهانی واقیع دەدۆڕێنین و دێینە ناو جیهانی ناواقیعی و مەجازی کە نە ڕەسەنایەتی هەیە و نە مێژوویەکی بەرهەست و نە خاوەنی ڕووداوانی ناو جیهانی واقیعە و نە گوزارشتێکی ڕاست و سادق لە جیهان دەکات. میدیا لەناو ئەم هاوکێشەیەدا "گوێ جیهاننوێن" و شووشەی جادوویی و چاوبەستکاری فانتازیا سەرکوتکراوەکانی کۆمەڵگایە، میدیا بەم پلە و واتایە جگە لە فیچقە و تەقینەی ناهۆشیاری لە غیابی عەقڵ و هۆشیاری شتێکی دیکە نییە!

# فێربوون بەبێ پەروەردە



حەمە مەنتک



ئاشکرایە یەکێک لە قەیرانە کوشندەکانی هەرێمی کوردستان سیستەمی پەروەردەیە. لاوازیی سیستەمی پەروەردە بە ڕوونی کاریگەرییەکانی لەسەر تاک و کۆمەڵی کوردی دەرکەوتووە. ئەوەی لەم چەند ساڵەی دواییدا لەناو قوتابخانە و زانکۆکاندا بەرچاو دەکەوێت، نائامادەیی پەروەردەیە. قوتابخانە و زانکۆکان بوونەتە شوێنێک بۆ فێربوون بەبێ پەروەردە. ئەم گرفتە تەنێ لە کۆمەڵی ڕۆژهەڵاتیدا بەرچاو ناکەوێت، بەڵکوو لە کۆمەڵە پێشکەوتووەکانی دنیاشدا هەستی پێ دەکرێت. ئالان دە بۆتن لە کتێبی ئایین بۆ بێئایینەکان بەشێکی تایبەتی کتێبەکەی بۆ ئەم گرفتە تەرخان کردووە. ئەوەی من دەمەوێ بە کۆمەکی ئەم کتێبە قسەی لەبارەوە بکەم نائامادەیی پەروەردەیە. هاوکات دەمەوێ لەڕێی خستنەڕووی کێماسییەکانەوە پنتە لاوازەکانی پەروەردە دەستنیشان بکەم.

ڕەنگە کاتێک سیستەمی پەروەردەی ئێستا بە کۆن، بەتایبەت دەیەی هەشتا و نەوەدی سەدەی ڕابردوو بەراورد بکەم، هێندێک بڵێن ئەو سیستەمە کۆن و تەقلیدی بوو. بەڵام من دەڵێم ئەوکات مرۆڤەکان باشتر پەروەردە دەکران. لەو کات مامۆستاکان هەم فێرکار و هەم پەروەردەکار بوون. هێشتا وەکوو ئێستا مامۆستا بزنسی بە خوێندنەوە نەدەکرد. خۆ دەزانین لە دەیەی هەشتا و نەوەدی سەدەی ڕابردوودا زۆربەی خێزانی کۆمەڵی کوردی نەخوێندەوار بوون. کەواتە ئەوەی ئەرکی پەروەردەکردنی قوتابییەکانی دەبینی بریتی بوون لە مامۆستاکان. مامۆستاکان لەگەڵ ئەوەی قوتابییەکانیان فێر دەکرد، هەم پەروەردەشیان دەکردن، چونکە مامۆستاکان خۆیان کەسی هۆشیار بوون. کەم مامۆستا هەبوو نەخوێنێتەوە و کتێبخانەی لە ماڵەوە نەبێت. لە گەڕەکێکدا ئەگەر دوو ماڵە مامۆستای قوتابخانەی لێبوو، بەڵام دەبوو بە نموونە بۆ کۆی گەڕەکەکە. بەڵام ئێستا کەم ماڵ هەیە دەرچوویەک، یان دوو دەرچووی زانکۆی نەبێت، کەچی ناتوانێت برا، یان خوشکە بچووکەکەی پەروەردە بکات. ئاخر کە حکوومەت ڕێی دا مامۆستا بزنس بە خوێندنەوە بکات، ئەوا ئەو شۆڕشە پەروەردەیی و فیکرییەی پەروەردە لە ئەستۆیەتی هەرەس دەهێنێت. لە هەموو دنیا شتی وا نەبووە مامۆستا ناو لە خۆی بنێت مامۆستا فلان گرەنتی. واتە ئەو مامۆستایە دەتوانێت بە گرەنتی لە پۆلی دوانزە بە نمرەی باش دەرتبچوێنێت. من هەر قاچاخچیم بیستووە ئەو ناوانەیان هەبێت. ئەم مامۆستایانە دەبێت وەڵامی پرسیارەکان بزانن! یان زانستی غەیبیان هەبێت. کاتێک حکوومەت ڕێ بەو هەموو قوتابخانە و زانکۆ ئەهلیانە دەدات، ئەوا ئاستی پەروەردە و خوێندن دادەبەزێت و ئەو ئەنجامەی ئێستای دەبێت.

کاتێک قوتابی دەردەچێت، تەنێ فێری هەندێ زانست دەبێت، بەبێ ئەوەی پەروەردە بکرێت. لێرەوەیە شکستەکە. قوتابی نازانێت لە دەرەوە لەگەڵ خێزان، لەگەڵ خەڵک بە گشتی چۆن مامەڵە بکات، چۆن هەڵسوکەوت بکات. ڕاستە قوتابییەکانمان زمانی ئینگلیزی دەزانن، بەڵام نازانن ئەگەر میوانێک هات چۆن هەڵسوکەوت بکەن. واتە ئەم سیستەمەی ئێستا هەیە قوتابی لە کۆمەڵ دابڕیوە. ڕاستە قوتابی فێرکراوە، بەڵام هیچ جۆرە پەروەردە و مەعریفەیەکی لەبارەی کێشە و گرفتی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و دەروونی پێ نادرێت. واتە نابەستڕێتەوە بە کێشەکانی ناو کۆمەڵەوە. واتە قوتابییەکانمان فێری ئەوە ناکرێن چۆن هاوسێکەی خۆیان خۆشبوێت. لە کاتێکدا لە کۆندا هیچ قوتابییەک نەبوو دوای هاتنەوەی لە قوتابخانە لە ماڵەوە دیسان کەسێک هەبێت وانەی پێ بڵێتەوە، چونکە زۆربەی خێزانەکان نەخوێندەوار بوون. منداڵ پۆلی یەکی بنەڕەتی تەواو دەکرد، دەیتوانی هەموو پیتەکان بناسێتەوە. بەڵام ئێستا سەرەڕای ئەوەی منداڵەکانمان لە قوتابخانە ئەهلییەکانن، گوایە مامۆستای باش و ئاستی خوێندنی باشە، دەبێت سەرلەنوێ لە ماڵەوە ئەوەی قوتابی لە قوتبخانە پێیگوتراوە ئێمەیش دیسان خەریکیان بین و وانەکانیان پێ بڵێینەوە. لە کتێبەکەی دە بۆتندا ئامانجی خوێندن بە گشتی لە ئەرکدا کورت کراوەتەوە: یەکەم ئەرک، چۆن کارێکمان دەستبکەوێ و ژیانمان مسۆگەر بکەین. دووەم چۆن بژین. ئەرکی دووەم فەرمۆش کراوە. ئامانجی هەموو خێزانێک لە کوردستان بووەتە ئەوەی منداڵەکەیان نمرەیەکی باش بهێنێت و بچێتە بەشێک دواتر کاری دەستبکەوێت. بۆیەش هەموو کۆششێک دەکات، مامۆستای تایبەتی بۆ دەگرێ، دەیباتە قوتابخانەی ئەهلی، دەیخاتە خولی فێرکردن. بەڵام ئەوەی لە کنی گرینگ نییە، ئەوەیە منداڵەکەی چۆن بژیت.

کەواتە سیستەمی پەروەردەی ئێمە هێندەی هەوڵی فێربوون و بەخشینی زانیاری دەدات، هێندە گرینگی بە پەروەردە و پێدانی مەعریفە لەسەر ژیانی گشتی نادات. پەروەردە نەبووە بە بەشێک لە خەمی کۆمەڵ. ئەگەر تەماشای ڕابردوو بکەین، لە سەردەمی ڕێژیمی بەعسدا ئەوانەی سیاسی بوون، ئەوانەی خەمی نەتەوەیان بوو، ئەوانەی ڕێکخەری خۆپیشاندانەکان بوون، ئەوانەی بەشداریی خۆپیشاندانیان دەکرد، قوتابیانی زانکۆ و پەیمانگەکان بوون. واتە قوتابی ئەو کات بەشێکی دانەبڕاو بوو لە کۆمەڵ. بەشێک بوو لە هۆشیاری. ئەوەی کۆمەڵی هۆشیار دەکردەوە قوتابیانی زانکۆ بوون. بەڵام ئێستا ناچالاکترین توێژ، قوتابیانی زانکۆن. هەموویان تەنێ خەمی دامەزراندنیانە. بەشدار نین لە گۆڕانکارییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان. کولتوور بە هەموو شێوەکان لە دەرەوەی سیستەمی خوێندنە.

دە بۆتن لەو کتێبەی ناوم هێنا، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە دەبێ کولتوور و فەرهەنگ بگەڕێتەوە ناو قوتابخانە و زانکۆکان. کولتوور واتە گەڕاندنەوەی زانستە مرۆڤایەتییەکان بۆ هەموو بەشەکان. لەو شوێنانە پێویستە بابەتەکانی ڕۆمان، مێژوو، فەلسەفە، دەروونناسی و کۆمەڵناسی بخرێنە ناو پرۆگرامەوە. هەموو ئەوانە لە پێناو کاریگەری خستنەسەر ژیانی قوتابیانە. بۆ ئەوەی قوتابی بزانێت لە ژیاندا چۆن هەڵسوکەوت دەکات. بۆ نموونە لەڕێی ڕۆمانە جیهانییەکانەوە دەتوانین کەسایەتی قوتابی دابڕێژینەوە. لەڕێی ڕۆمانی (ئانا کارنینا) و (مەدام بۆڤاری)یەوە دەتوانین گرفتەکانی هاوسەرگیری ئاشنای قوتابیان بکەین. کەواتە بۆ ئەوەی قوتابخانە و زانکۆکان بە ژیانی کۆمەڵایەتییەوە ببەستینەوە، دەبێ کولتوور بۆ ناو ناوەندەکانی خوێندن بگەڕێنینەوە. قوتابخانە و زانکۆکان نابێ تەنێ ناوەندی فێرکردن بن، بەڵکوو دەبێ ناوەندێک بن بۆ پەروەردەکردن و ئامادەکردنی مرۆڤ بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گرفتەکانی ژیان. ناوەندەکانی خوێندن بوونەتە شوێنێک خاڵی لە پرسیارکردن لەبارەی ڕووح و ژیان و گرفتەکانی ژیان. بۆیەش دەبێت ناوەندەکانی خوێندن ببنە شوێنێک بۆ ئەوەی مرۆڤ جودا لەوەی فێری زانست دەبێت، پەروەردەیش بکرێ.

### میران ئەبراهام، نووسەر و ڕۆماننووسی کورد:

# ئانا کارنینای تۆڵستۆی بیرکردنەوەی منی گۆڕی



ماڵپەڕی گاردیەنی بەریتانی، سەرەڕای بایەخدانە گەورە و چڕوپڕەکەی بە بواری کولتوور و ئەدەبیات، بەردەوام بە دوای ڕێگەی نوێ و پرسیاری نوێشەوەیە بۆ دواندنی نووسەران، ئەمجارە هەندێ پرسیاری ورد و سەرنجڕاکێشی بۆ هەندێ نووسەر ئامادە کردووە کە خوێندنەوەیان و مەبەستی پشتی پرسیارەکان و وەڵامی نووسەرەکان شتگەلێکن بەردەوام خوێنەران لای نووسەران بەدوایدا دەگەڕێن، لە نموونەی باشترین کتێب، باشترین نووسین، باشترین و خۆشەویستترین کارەکتەر و زۆر شتی تری ورد کە خوێندنەوەی وەڵامەکانیان لە زاری نووسەرانەوە هەم چێژبەخشن، هەم ڕوئیایەک بۆ خوێنەر سەبارەت بە هەندێ کتێب و چیرۆک دەکەنەوە.

ئەم هەوڵەی ئێمەش لێرەدا، وەرگرتنی ئەو پرسیارانەیە و ئاراستەکردنیەتی بۆ بەشێک لە نووسەران و ئەدیبانی کورد، بە تایبەت قسەکردن لەو مەجالە کورت و لەو پرسیارانە لە ناوەندی ڕووناکبیریی ئێمەدا کەمە و بێشک خوێنەرانمان بە دوای وەڵامی ئەم پرسیارانەوەن.

لە پانزەهەمین گفتوگۆماندا، میران ئەبراهام، نووسەر و ڕۆماننووس وەڵامی پرسیارەکان دەداتەوە.

**ئامادەکردنی: ئەدەب و کولتووری ڕووداو**

**ڕووداو: لەم کاتەدا چ کتێبێک دەخوێنیتەوە؟**
**میران ئەبراهام:** ترس لە سەربەستی، نووسەری سایکۆلۆژ و فەیلەسووفی ئەڵمانی- ئەمەریکی ئێریک فرۆم نووسیویەتی. کتێبێکە بۆ بەراوردکردنی توانای جەستەیی و ئاستی بیرکرنەوەی خۆت لەگەڵ دەوروبەرەکەتدا، ئێریک فرۆم بە شێوازێکی تایبەت هەڵسەنگاندنی واتای بەرفراوانی سەربەستی دەکات، هەروەها هەڵسوکەوت و ئاستی بیرکرنەوەمان لە تەمەنە جیاوازەکاندا بەرامبەر ئەو تێرمە.

**ڕووداو: کتێبێک کە ژیانتی گۆڕی؟**
**میران ئەبراهام:** ئەوە تەنها کتێبێک یان کارێکی هونەری نییە کە لە شەو و ڕۆژێکدا ژیانمان یان ئاستی بینین و بیستن و یان هەرپێنج هەستەکەمان دەگۆڕێت، بۆ گۆڕانکاریی بنەڕەتی لە ژیانی ئێمەدا پێویستمان بە پرۆسێسێکی دوورودرێژە، دیارە من یان کۆی نووسەران لە سەرەتای لاوێتیمانەوە بە هەر پێنج هەستەکەمانەوە بەردەوام لە ژیانی ڕۆژانەماندا ڕاستەوخۆ بەشدار بووین. بێگومان گەلێک کتێب کاریگەرییان لەسەرم هەبووە و توانای هەستی بینین یان بیستنی منیان بەهێز کردووە.

**ڕووداو: کتێبێک کە بۆچوونتی گۆڕی؟**
**میران ئەبراهام:** ئانا کارنینای نووسەری ڕووس تۆڵستۆی کە شێوازی بۆچوونی منی بەرامبەر گەنجبوون و خۆشەویستی و تۆڵەسەندنەوە گۆڕی.

**ڕووداو: کتێبێک کە خۆزگە دەخوازی تۆ نووسیبات؟**
**میران ئەبراهام**: کتێبی نووسەری ئەمەریکی جۆن شتاینبێک (مشک و مرۆڤ) لە ساڵی 1937 لە فۆرمی شانۆنامەدا نووسراوە و چەندین جار وەکو هونەری شانۆ نمایش کراوە، نەک لە ئەمەریکا بەڵکوو لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا، چەند جارێک لە سەردەمی جیاوازدا کراوە بە فیلم، دوایین جار ساڵی 1992 کرا بە فیلم و جۆن ماڵکۆفیچ و گێری سینسی ڕۆڵی سەرەکیی تێدا دەبینن.

**ڕووداو: کتێبێک کە کاری لە ستایلی نووسینت کردووە؟**
**میران ئەبراهام:** من خوێنەرێکی باشم، بە تایبەتی ڕۆمانم زۆر خوێندووەتەوە، پێدەچێت لە تەکنیکی نووسیندا یان لە کاتی یاریکردن بە زماندا بەبێ ئاگایی لاسایی نووسەرێکم کردبێتەوە، بەڵام پێموانییە بە تەنیا نووسەرێک کاریگەریی تەواوی لەسەر ستایلی نووسینی من هەبووبێت.

**ڕووداو: کتێبێک کە تۆی گریاندووە؟**
**میران ئەبراهام:** زۆر کتێب بێدەنگی کردووم بە جۆرێک کە چواردەورەکەم هەستیان پێ کردووم، مەبەستم لەوەیە چەند ڕۆژێک خەیاڵیان داگیر کردووم، بۆ یەکەم جار و لە سەردەمی خۆیدا شیعری سووتماکی شێکۆ بێکەس گریاندمی.

**ڕووداو: کتێبێک کە بە دیاری دەیبەخشیت؟**
**میران ئەبراهام:** خەمی بەلجیکییەکان، کە نووسەری بەلجیکی (هۆگۆ کلاوس) بە زمانی هۆڵەندی و بۆ ڕێکخستنەوەی کولتوور و زمان و ناوماڵی بەلجیکییەکان نووسیویەتی. ئەو کتێبە وەکو ئینجیلی نوێی بەلجیکییەکان دەبینرێت.

***

ساڵی 1886 ئانتوانت فۆر، کچی سەرۆککۆماری ئاییندەی فەڕەنسا- فلیکس فۆر، داوای لە مارسێل پروست کردووە وەڵامی چەند پرسیارێک لە دەفتەرە تایبەتەکەیدا بداتەوە، (دەفتەری دانپێدانانەکان، ئالبوومی تۆماری فیکر، هەستەکان و هیتر) ئەم داوایە دوو جار لە مارسێل پروست کراوە، جارێکیان لە چواردە ساڵیدا، جارێکی تر لە بیست ساڵیدا، بە هەمان شێوە من ئەو پرسیارانە ئاراستەی بەڕێزت دەکەم.

**ڕووداو: چاکە لای تۆ کامەیە؟**
**میران ئەبراهام:** چاکە دوور لە مانا دینییەکەی، بێگومان پەیوەندیی ڕاستگۆیانە و بێ بەرامبەر.

ڕووداو: تایبەتمەندییە باشەکانی پیاوان کامانەن؟

میران ئەبراهام: خۆپەرست نەبێت و بۆ بەدەستهێنانی حەزەکانی هێزی بە کار نەهێنێت.

**ڕووداو: تایبەتمەندییە باشەکانی ژنان کامانەن؟**

**میران ئەبراهام:** کە پیاو تەنها بە گەورە و فریادڕەسی ژیانی خۆی نەزانێت.

> ”نیشتیمانی سارا" نوێترین ڕۆمانمە و ئێستا ئامادەی چاپە

**ڕووداو: بەنرخترین تایبەتمەندیی هاوڕێکانت کامانەن؟**
**میران ئەبراهام:** پەیوەندیی بەردەوام و گفتوگۆی نەبڕاوە.
**ڕووداو: حەزت لە چییە؟**
**میران ئەبراهام:** پیاسەی بە تەنیا، ئەوە کردەوەی هەموو ڕۆژێکمە بە تایبەتی بەیانیان، ئیتر هەر ڕۆژە و ڕێگایەک دەگرمەبەر بۆ دوو تا سێ کاتژمێر ڕێگابڕین.
**ڕووداو: بەختەوەریی ئایدیاڵ چۆن پێناسە دەکرێ؟**
**میران ئەبراهام:** من خۆم وەکو ئایدیاڵیستێک دەبینم، بەردەوام لە گەڕاندام بە دوای ئەو پرسیارانەدا کە لە ئەنجامی کاریگەریی بینینم یان بیستنم یان هەستەکانی ترمەوە لام گەڵاڵە دەبن، تاوەکو بتوانم وەڵامیان بۆ بدۆزمەوە و لە واتای بوون تێبگەم، پاشان لە فۆرمی ڕۆمان یان چیرۆکدا بە نووسینیان بکەم، ئەو پرۆسێسە من وەکو بەختەوەریی ئایدیاڵ دەیبینم.
**ڕووداو: مەزنترین چارەڕەشی کامەیە؟**
**میران ئەبراهام:** بێشوێنی.
**ڕووداو: حەز دەکەی لە کوێ بژی؟**
**میران ئەبراهام:** ئەو شوێنەی بە ئاگایی و بەبێ ئاگایی بەردەوام خەیاڵم لایەتی، ئەویش شوێنی لەدایکبوونمە.
**ڕووداو: ڕەنگ و گوڵی دڵخوازی تۆ کامەیە؟**
**میران ئەبراهام:** ڕەنگی شینی پیرۆزەیی و گوڵەباخی ڕەنگ شەرابیم لا جوانە.
ڕووداو: نووسەرە دڵخوازەکانت کامانەن؟
میران ئەبراهام: سۆڵستاین، جۆن ماکسڤێک گوتزەی، یان ڤۆڵکەر، جۆن ستاینبێک.
**ڕووداو: شاعیری دڵخوازی تۆ کێیە؟**
**میران ئەبراهام:** شێرکۆ بێکەس.
**ڕووداو: کام پاڵەوانە پیاوەی ئەدەبیات لای تۆ دڵخوازە؟**
**میران ئەبراهام:** ئەو پاڵەوانەی نووسەرەکەی ئازادی کردووە و بۆی هەیە بە زمانی خۆی بدوێ و وەکو مرۆڤێکی ئاسایی خۆیم پێ بناسێنێ.
**ڕووداو: کام پاڵەوانە ژنەی ئەدەبیات لای تۆ دڵخوازە؟**
**میران ئەبراهام:** ئەراندێرای ناو چیرۆکێکی گابرێل کارسیا مارکیز.
**ڕووداو: میوزیسیانە خۆشەویستەکانت کامانەن؟**
**میران ئەبراهام:** لیۆنار کۆهین، جاک بریڵ
**ڕووداو: نیگارکێشە خۆشەویستەکانت کامانەن؟**
**میران ئەبراهام:** مۆنێت، ڤانخۆخ، ڕێمبراند ڤان ڕاین، گۆگێ، بێگومان پیکاسۆ.
**ڕووداو: حەزت لە کام ناوانەیە؟**
**میران ئەبراهام:** ئەو ناوانەی بە زمانی کوردی واتایەکم پێ دەبەخشن.
**ڕووداو: زیاد لە هەر شتێک ڕقت لە چییە؟**
**میران ئەبراهام:** زۆرداری.
**ڕووداو: حەزت لێبوو چ تایبەتمەندییەکت هەبێ؟**

> شێرکۆ بێکەس شاعیری دڵخوازی منە

**میران ئەبراهام:** لە توانامدا بووایە لە مانای تەواوی بوون تێبگەم.
**ڕووداو: حەزت لێیە چۆن بمریت؟**
**میران ئەبراهام:** مادام هەمووومان مردنێک قەرزارین، منیش بەو مردنە ڕازیم، خۆپەرست نیم و دوای ئەو مردنە چاوەڕوانی ژیانێکی ئەبەدی ناکەم، حەزم لێیە لە خەودا گیانم دەرچێت.
**ڕووداو: ئا ئێستا دۆخی ڕۆحیت چۆنە؟**
**میران ئەبراهام:** زۆر لە سەردەمی لاوێتیم باشترم.
**ڕووداو: دروشمی تۆ چییە؟**
**میران ئەبراهام:** دروشمی من سەربەستییە!
**ڕووداو: ئەگەر بتگەڕێننەوە بۆ سەرەتای سەرەتاکان، دەتەوێت لەم بارودۆخەی ئێستا تێیدایت، هەر ببیتەوە بە نووسەر؟**
**میران ئەبراهام:** بێگومان، یان لە هەر فۆرمێکی تری هونەردا بێت بتوانم پرسیار بکەم و بەرهەمی خەیاڵی خۆم دەرببڕم.
**ڕووداو: سەبارەت بە دوایین بەرهەمی خۆت بۆمان بدوێ، کار لەسەر چی دەکەی، هەندێ وردەکاریمان لەسەری بدەرێ، ئایا بەرهەمی تازەت هەیە و لە چ قۆناغێکدایە؟**
**میران ئەبراهام:** ڕۆمانی نیشتیمانی سارا، ئێستا لە دەزگای چاپی ئەندێشە ئامادەیە بۆ چاپ، ڕۆمانێکی مێژووییە و باس لەو پارچە مێژووییە ونبووانە دەکات کە لە ساڵی 1900ـەوە تاوەکو دوای ساڵی 2000 لە کوردستان ڕوویانداوە، بە تایبەتی باسی مەسیحی و جووەکانی سلێمانی و دەتوانم بڵێم تەواوی کوردستان دەکات، هەروەها ئەو کەسانەی لە کتێبە مێژووییەکاندا زۆر شەرمنانە ناویان هێنراوە، لەم ڕۆمانەدا خۆیان نمایش دەکەن و بە زمانی خۆیان ڕووداوەکانی سەردەمی خۆیانمان بۆ دەگێڕنەوە. بە لێکتێگەیشتنێکی جیهانی، سارا بە مانای دایک دێت، دەتوانم بڵێم واتای دووەمی ڕۆمانەکە نیشتیمانی دایکە، نیشتیمانێک کە تاوەکو ئەمڕۆیش بۆمان ساخ نەبووەتەوە کێ بۆی هەیە لێی نیشتەجێ بێت و کێ دانیشتووانە ڕەسەنەکەیەتی، لە کۆتاییدا ڕۆمانی نیشتیمانی سارا پێماندەڵێت، دین ڕەگەزنامە نییە و کوردستان نیشتیمانی هەمووانە.

# ئارام کاکەی فەلاح
# لەبارەی ڕۆمانە نوێیەکەی دەدوێت

**ئا: ئەدەب و کولتوور**




ڕۆمانی ”شەربەتی ترس“، سێیەمین بەرهەمی ڕۆماننووس و چیرۆکنووس ئارام کاکەی فەلاحە و بڕیار وایە لە ئاییندەیەکی نزیکدا لە دووتوێی سەد و پەنجا لاپەڕەدا بڵاو بکرێتەوە.

ئارام کاکەی فەلاح، نووسەر و ڕۆماننووس لەبارەی ئەم ڕۆمانە بە (ئەدەب و کولتووری ڕووداو)ی گوت: ”ئەم ڕۆمانە باسی کچێک دەکات کە دکتۆرەیە و لە دەرەوەی وڵاتەوە دێتەوە تا کلینیکێک بۆ ژنان بکاتەوە بۆ منداڵبوون، بەڵام لە هەمان کاتدا خەون بەوەوە دەبینێت لقێک لە کلینیکەکە بۆ ئەو ژنانە تەرخان بکات کە بڕیار دەدەن منداڵیان نەبێت و لەباری ببەن و ئەو مافە جوانە بۆ ژنان بگەڕێنێتەوە کە خاوەنی لەشی خۆیان بن. دکتۆرە نازەنین دەزانێت ئەمە کارێکی زەحمەتە چ لە ڕۆژهەڵات بە گشتی و چ لە کوردستان، بەڵام بۆ گەڕانەوەی تەنها ئەو مەرجەی هەیە و بۆیشی دەچێتە سەر.“

ڕۆمانەکە باسی کچێک دەکات بە ناوی مەحبووبەی نازدار کە شاعیرە و سێ برای زۆر ناشیرینی هەیە و لەلایەن خۆشەویستەکەیەوە زۆر دڕندانە لاقە دەکرێت و سکی پڕ دەکرێت، مەحبووبە ڕێی دەکەوێتە کلینیک و نازانێ چی بکات، چونکە براکانی دەیانەوێ بیکوژن. دواجار بڕیار دەدات وەک تۆڵەسەندنەوەیەک لە دونیا منداڵەکەی ببێت و چیرۆکی ژیانی خۆی بۆ دکتۆرە نازەنین دەگێڕێتەوە و ئەویش ئازایەتیی ئەم ژنەی پێ جوان دەبێت و هەوڵ دەدات یارمەتیی بدات.

ئارام کاکەی فەلاح یەکێک لە نووسەرە دیارەکانی دونیای ئەدەبیاتی کوردی و جگە لە چەند کۆمەڵە چیرۆکێک، دوو ڕۆمانی تریشی هەیە.

”من لەگەڵ ئەم ڕۆمانەمدا زۆر گریام و زۆریش پێکەنیم، وەک هەموو تێکستەکانی ترم خوێنەر لە نێوان پێکەنین و گریاندا دەهێڵمەوە، ئەوە شێوازی نووسینی منە، کێ قبووڵی نییە با وازی لێ بێنێ و بیداتەوە بە دەموچاومدا. لەم تێکستانەی مندا سنوورێک نییە لە نێوان قاقا و گریاندا، هەروەک چۆن سنوور لە نێوان دڵڕەقی و خۆشەویستیدا نییە، هەر ئاواش لە نێوان گریان و پێکەنیندا نییە. ئێستا نا، بەڵام دوای چەند ساڵێکی زۆر، ڕەنگە ئەم ڕۆمانە وەک مانیفێستێک بۆ ژنان و کچان چاوی لێ بکرێت، بۆ بەرگریکردن لە مافە جوان و سادەکانیان کە دواجار مرۆڤ شەرم دەیگرێت، کۆمەڵگاکەی هێندە ناشیرین و دڵڕەق بووە بەرامبەر ژنان و کچانمان.“ نووسەر وای گوت.

ئەدەب و کولتوور ڕووداو
بابەتەکانتان بۆ ئەم ئیمەیڵە بنێرن: salam@rudaw.net